# هەڵەکانی دەستوری هەرێم ڕەنگدانەوەی نەزانیین یان بێباکیی؟

بەختیار کەریم

لەم ڕۆژانەدا بابەتێکمان بەناوی (دەستوری کوردستان: تولەرێیەک بەرەو دیکتاتۆرییەت)[1] بڵاوکردەوە، لەوێدا لەیادمان چوو ئاماژە بە چەند هەڵەیەکی زەق بدەین کە ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ بێباکیی نووسەرانی دەستور بەرامبەر بە شتی زۆر ئاشکرای وەک فاکتە مێژووییەکان، بەتایبەتی ئەو ڕووداوانەی کە خوێندکارێکی قۆناغی پێنجەم یان شەشەمی سەرەتایی لەپاش خوێندنی مێژووی جیهان (وەک ئاو و دۆ) لەبەرییەتی. لەڕاستییدا هۆکاری پێشتگوێخستنی ئاماژەدان بەو هەڵانە، لەوەوە سەرچاوەی گرت کە پێمان وابوو کە دەشێت هەڵەی چاپ بن. بەڵام کاتێک سەیری هەموو سەرچاوەکانمان کرد کە دەستورەکەیان بڵاوکردۆتەوە، هەمان هەڵە لەهەموویاندا هەبوو، هاوکات تا ئێستا کەس ڕوونکردنەوەی لەسەر ئەو هەڵانە نەداوە. لەهەمووشی ترسناکتر ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی لەسەر دەستوریان نووسیوە، تاکە کەسێک هەستی بەو هەڵانە نەکردوە. بۆ ئەوەی خوێنەر ئاگاداربێت کە ئەو هەڵانە چین، بۆ ئەوەی ئەوانەی پێیان وایە کە دەستورەکە بەرئەنجامی "ماندووبوون"ی چەندین کەسی "تێکۆشەر"ە و دەستورێکی "باشە"، بزانن کە بەهەڵادا چوون. یان لەوانەیە لە دواجاردا بزانن کە بە هەڵەدا چوون، بەڵکو وە هەمیشە ماستاو دەکەن.

جێگەی ئاماژەپێدانە، کە دەقە عەرەبییەکەی دەستورەکە هەمان ئەو هەڵانەی تێدانییە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆی ئەو کەسانەی کە بەرپرس بوون لە وەرگێرانی دەستورەکە بۆ کوردی. بەڵام ئەمە لە بەرپرسیارێتی نووسەرانی دەستور کەمناکاتەوە، کە دەبوایە هەر لە سەرەتاوە بە کوردی بیاننووسیایە، یان لانیکەم پاش وەرگێرانەکەی بە دەقە کوردییەکەشدا بچووناینەتەوە. سەیرە پەرلەمانی وڵاتێک کە گوایا زمانە ڕەسمییەکەی کوردییە، بە زمانێکی دیکە دەستور دەنووسێت! با ئێستا سەرنج لەو هەڵانە بدەین.

لە دەروازە (دیباجە)ی دەستورەکەدا ئەمەی خوارەوە نووسراوە:

> "پێشتریش بووین بە قوربانی بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکان، کاتێ بێبەشکراین لەوەی بە خواهیشتی خۆمان بریار لەسەر چارەی خۆنووسین بدەین وپێگەی سیاسی ویاسایی خۆمان دەستنیشان بکەین، بە پێچەوانەی ئەو گەلانەی دوای جەنگی جیهانی دووەم، سوودمەندبوون پشت بە چواردە بنەماکەی سەرۆکی ئەمریکی ئەودەم "ویدرۆ نیلسۆن"، لە ئیمبراتۆریەتی عوسمانی داماڵان."

با هەڵە زمانەوانییەکان بۆ زمانەوانەکان بەجێبێلین، مەگەر ئەو هەموو هەڵەیە بە کۆی ئینستیوتێکی زمانەوانیی پێشکەوتوو و نەفەسدرێژ چاک بکرێن. لێرەدا ئاشکرایە کە دەروازەکە باس لە "جەنگی یەکەمی جیهانی" و پاشهاتەکانی دەکات، بەڵام هەڵە شەرمهێنەکە ئەوەیە ئەو ئەزیزانەی ئەم دەستورەیان نووسیوە هەستیان بەو هەڵەیە نەکردوە، کە نووسیویانە "جەنگی جیهانی دووەم". سەیر لەوەدایە کە هەر لە ڕستەی دوای ئەوەدا باس لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و پاشان "پەماننامەی سیڤەر"ی ساڵی 1920 دەکات، بەڵام ئەمە نەبۆتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی نووسەران و دارێژەران بۆ ئەو هەڵە زەقە. بۆ زانیاری ئەو دۆستانە ڕاستییەکە جەنگی جیهانی یەکەمە، نەک دووەم.

دوای ئەو هەڵەیە، باس لە چواردە بنەماکەی سەرۆکی ئەمریکی "ویدرۆ ویڵسن" دەکرێت، بەڵام ئەو ئەزیزانە ناوی ئەو سەرۆکە بەناوبانگەی ئەمریکایان بەهەڵە نووسیوە: "ویدرۆ نیڵسۆن". با خوێنەری ئەزیز پێشبینی ئەوە بکات کە ئەم دەستورە (وەک خۆی) لەلایەن کەسانی ئینگلیزیزانەوە وەربگێڕدرێت بۆ ئینگلیزی،

---

[1] بڕوانە:
http://www.dengekan.com/doc/2006/10/baxtyarKarim4.pdf



www.dengekan.com

دەبێت ئەوە چ شەرمەزارییەک بنێتەوە!

دەشێت هەندێک خوینەر بپرسن کە هەڵە ڕوودەدات، پاشان ئەمە نابێتە لەکەدارکردنی دەستورەکە، ئەگەر خۆی دەستورێکی باش بێت. بێگومان هەڵە ڕوودەدات، هەمووومان هەڵە دەکەین. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە و جێگەی بایەخی ئێمەیە، هەڵە نییە تەنها وەک هەڵە، بەڵکو بێباکی ئەو کەسانەیە کە کاریان لەو دەستورەدا کردوە. باسی ئێمە لە بێباکی پەرلەمانە بەرامبەر بە دانیشتوانی وڵاتەکە، کە دەقێکیان دەخاتە بەردەست، کە جگە لە هەست بریندارکەر هیچی دیکە نییە. سەرەتا ئەو کوردییە سەیروسەمەرەیە هەستی خوێنەری وریا، خوێنەرێک کە ڕێز لە زمان دەگرێت، بریندار دەکات، پاشان خوێنەر بەو هەڵانە کە زادەی بێباکی ئەندامانی پەرلەمانە بەرامبەر بە دەقە کوردییەکە، هەستی بریندار دەبیت. مافی هاوڵاتی کوردە بپرسێت: نەدەکرا هەمان ئەو ڕیزەی لە زمان عەرەبیتان گرتوە، لە زمانی کوردیشتان بگرتایە؟ ئاخر دواجار ئێوە دەستور بۆ کوردستان دەنووسن!

2006/10/10

ئۆکسفۆرد/ئینگلاند

www.dengekan.com